فەرماندەیی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا تێکشکاندنی فرۆکەیەکی حووسیەکان ڕاگەیاند

فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا (CENTCOM)، ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ڕایگەیاند کە هێزەکانی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانیان تێکشکاندووە کە لەلایەن حوسییەکانەوە هەڵدراوە لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیان لە وڵاتی یەمەن لەسەر کێنداوی عەدەن، بێبێ ئەوەی هیچ زیانێکی گیانی لێبکەوێتەوە.

لە ڕاگەیاندراوەکەدا فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا ئاشکرای کرد، "لە ڕۆژی 12ـی ئایاردا نزیکەی کاتژمێر 3:30 خولەکی بەیانی، هێزەکانی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا سەرکەوتوو بوون لە تێکشکاندنی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان کە گرووپی حوسییەکان کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن بەسەر کێنداوی عەدەندا لەو ناوچانەی کە لە وڵاتی یەمەن کۆنترۆڵیان کردووە هەڵیانداوە".